# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ مینا، ولەوێ چوو بۆ (جەمرەتی عەقەبە:جمرة العقبة) وبەردە بچووکەکانی تێیدا فڕێدا، وپاشان گەڕایەوە بۆ نێو چادرەکەی لە مینا وقوربانی کرد، وپاشان بانگی سەرتاشێکی کرد وپێی فەرموو: لێرەوە سەرتاشین دەستپێبکە سەرەتا ئاماژەی بۆ لای ڕاستی قژی کرد، پاشان لای چەپی، ودوای ئەوە قژەکەی لە نێو خەڵکیدا دابەشکرد

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆ مینا، ولەوێ چوو بۆ (جەمرەتی عەقەبە:جمرة العقبة) وبەردە بچووکەکانی تێیدا فڕێدا (هاویشتی)، وپاشان گەڕایەوە بۆ نێو چادرەکەی لە مینا وقوربانی کرد، وپاشان بانگی سەرتاشێکی کرد وپێی فەرموو: «لێرەوە سەرتاشین دەستپێبکە»؛ سەرەتا ئاماژەی بۆ لای ڕاستی قژی کرد، پاشان لای چەپی، ودوای ئەوە قژەکەی لە نێو خەڵکیدا دابەشکرد». ولە گێڕانەوەیەکدا: «کاتێک بەردە بچووکانی فڕێدا لە (جەمرەتی عەقەبە:جمرة العقبة)، وقوربانیەکەی سەربڕی، وسەری تاشی، سەرەتا ئاماژەی بۆ لای ڕاستی قژی کرد بۆ سەرتاشەکە (بۆ ئەوەی بیتاشێت)، وبانگی ئەبی تەڵحەی ئەنساڕی کرد -ڕەزای خوای لێبێت- وقژەکەی پێیدا، ودوای ئەوە ئاماژەی بۆ لای چەپی قژی کرد بۆ سەرتاشەکە (بۆ ئەوەی بیتاشێت)، وقژەکەی دا بە ئەبی تەڵحە وپێی فەرموو: «لە نێو خەڵکیدا دابەشی بکە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە بە گێڕانەوەی خۆی]

کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە حەجیماڵئاواییدا هات بۆ مینا لە ڕۆژی جەژندا وبەردە بچووکەکانی فڕێدا (هاویشتی)، وپاشان چوو بۆ ماڵەوە وقوربانیەکەی سەربڕی، ولە دوای ئەمانە بانگی سەرتاشێکی کرد بۆ ئەوەی قژی بتاشێت، وئاماژەی بۆی کرد بەوەی سەرەتا لای ڕاستی قژی بتاشێت، وبانگی ئەبو تەڵحەی ئەنساڕی کرد -ڕەزای خوای لێبێت- وقژەکانی لای چەپی پێدا، وپاشان ئەوەی مایەوەی لە قژی تاشی، وبانگی ئەبو تەڵحەی کرد وقژەکانی پێدا، وفەرمووی: (لە نێوان خەڵکیدا دابەشی بکە)، وهەندێک کەس یەک تاڵە قژیان بەرکەوت، وهەندێکی تر دوو تاڵە قژیان بەرکەوت، وهەندێکی تر زیاتریان بەرکەوت؛ وئەمیش بەهۆی ئەوەی تاڵە مووی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پیرۆز وموبارەکە ودروستە تەبەروکی پێوە بکرێت، وئەمیش تەنها تایبەتە بە شوێنەوارەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەکو ئارەقی وئاوی دەستنوێژگرتنی وتاڵە مووەکانی وجلەکانی وئەو کەرەستانەی بەکاریدەهێنا وەکو کۆچان وشتی تر، ونابێت لە پاش ئەو تەبەروک* بە شوێنەواری هیچ کەسێکی ترەوە بکرێت. *(تەبەروک: واتا داواکردنی بەرەکەت وپیرۆزی لە خوای گەورە دەکات بە دەستلێدان لەو شتانەی ڕێگەپێدراوە لە شەریعەتدا کە تەبەروکی پێوە بکرێت، واتا تەنها دەستی لێدەدرێت وداوا لەو شتە ناکرێت کە بەرەکەت بهێنێت بەڵکو تەنها دەستلێدانە وهێنانیەتی بەسەر لاشەدا بە نیەتی ئەوەی خودا بەرەکەت وپیرۆزی بهێنیت بەهۆی ئەم شتەوە وەکو بۆ نمونە تەبەروک کردن بە شوێنەواری پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەروەکو پێشتر باسکرا)